www.kurdistannet.org
22/03/2002 00:55

## سالار سۆفی له گەورەترین پێشانگای شێوەکاری فنلەندیدا

ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی/فنلەند
nauand@hotmail.com

**یەکێتی شێوەکارانی فنلەند، کە ئەندامەکانی بریتین لە بەتواناترین هونەرمەندانی شێوەکاری ئەم وڵاتە، ساڵانە پێشانگای شێوەکاری هاوبەش بۆ ئەندامانی خۆی ساز دەکات. پێشانگای ئەمساڵ لە 8-2002/3/17 لە هۆڵی (kaapelitehdäs) لە شاری هێلسینکی پایتەختدا کرایەوە.**




**لەم پێشانگایەدا کە جۆرەها تەکنیکی هونەری جیاوازی تێدا دەبینرا، پتر لە 1400 تابلۆ و پەیکەری لە خۆ گرتبوو و نزیکەی 450 هونەرمەندی شێوەکار، لە سەرتاسەری فنلەند بەشداریان تێدا کرد.**

**بۆیە بە یەکێك لە گەورەترین پێشانگا شێوەکارییەکانی مێژووی فنلەند دەژمێردرێت.**

**هونەرمەندی شێوەکاری کورد ( سالار سۆفی ) کە ئەندامێکی یەکێتی شێوەکارانی فنلەندە، یەکێك لە بەشدارانی ئەم پێشانگایە بوو. ئەو تابلۆیانەی کە بەشداری پێکردبوون بەشێوازی خاڵکاری (Pointillism) داهێنراون.**

**ئەم پێشانگایە لە لایەن دەزگا ڕاگەیاندنەکانی فنلەندەوە بایەخێکی تایبەتی پێدراو و بەرنامەی تەلەفزیۆنی دوور و درێژی لەسەر تۆمار کرا.**